لەئەنجامی رووداوێکی هاتووچۆ لەسەر ڕێگەی دەربەندیخان-سلێمانی دوو کەس گیانیان لەدەستدا و شەش کەسی دیکەش بریندار بون

بەهۆی رووداوێکی هاتووچۆ لەسەر ڕێگای دەربەندیخان زێدایەن، هەشت ئەندامی دوو خێزان بوونە قوربانی و لە نێو قوربانییەکان دووکەس گیانی لەدەستداوە و شەش کەسی دیکە دەخی تەندروستیان ناجێگیرە.

موقەدەم عادل مەلا ساڵح، بەڕێوەبەری کارگێریی هاتووچۆی دەربەندیخان لە شوێنی رووداوەکەوە بە میدیاکانی ڕاگەیاند، رووداوەکە لە نێوان پیکابێک و بارهەڵگرێک لەنزیک شارەدێی زێدایەن رووی داوە.

گوتیشی، لە رووداوەکەدا دوو کەس گیانیانلەدەستداوە و شەش کەسی دیکە بریندار بوون، سەرجەمیان ئەندامی دوو خێزانن و لەناو یەک ئۆتۆمبێلدا بوون و دەخی تەندروستی بریندارەکان ناجێگیرە.

بەهۆی رووداوەکەوە ئاستەنگی هاتووچۆ لە ڕێگەی سلێمانی دەربەندیخان دروستبووە و تیمەکانی هاتوچۆ سەرقاڵی کردنەوەی ڕێگەکەن.